# مەزاری شەوی شاعیرێك

سەرهەنگ حەمە ساڵح
xamosh_serheng@yahoo.com



جارێ زووە

هێشتا ئاسمان

لە تریسكەی ئەستێرەكان نەتۆراوە

خەو لە چاوی باڵندەكان نەزڕاوە

وەرە..با زامی سەختی چاوەڕوانی

لە نێو بەرۆكی تۆ سارێژ كەم

لە نێو تاڵەبەندی قژی خاوت

جۆلانەیێ بۆ خەمەكان دروست بكەم

لە ئازارەكانی عەشق بترازێین

تاوێك لە نێو

ساتەكانی تێكەڵ بووندا بدوێین..

لە سەر ڕێگای كاروانی خەم

هەنگاو نەبڕین

چیتر بۆ حەیرانی

شەوە پڕ حەسرەتەكان نەگرین

لە بیرتە ئەو شاعیرەی

ووشەكانی لە پێناو عەشقی تۆ سەربڕی

پیتەكانی بوونە چەند نۆتەیەكی نامۆ

**گۆرانیەکیان بۆ مەرگ چڕی**

**تۆ بڵێی شێت نەبووبێ**

**خۆی لە نزاکانی ئەزەل بتۆرێنێ**

**حەزو خۆزگەی**

**لە دڵی تۆ بڕەنجێنێ**

**دڵتەنگ مەبە لە شاعیرێ**

**کۆمەڵێ ووشەی سەربڕاو هەڵڕێژێ**

**ئەمشەو هاتووە**

**لە باوەشی گەرمی تۆدا بیانێژێ..!**